مجلة جامعة كركوك/ للدراسات الإنسانية المجلد :19 العدد:1 لسنة 2024

# کاریگەریی مەولوودنامەی تورکیی ئیبراهیم ڕەئفەت لەسەر مەولوودنامەی کوردیی ڕەشاد موفتی

أ.م.د. هێمن عمر احمد أ.م.د. ارخوان محمد عبيد

جامعة صلاح الدين –كلية التربية شقلاوة جامعة كركوك-كلية التربية للعلوم الانسانية

پوختە

بێگومان مەولوودنامە وەك جۆرێکی ئەدەبیات لەنێو میللەتانی مسوڵماندا لە چەند سەدەی ڕابردوو ڕۆڵێکی گەورەی لە یادکردنەوەی ژیاننامەی پێغەمبەر(دخ) گێڕاوە، لەو ڕوانگەوە یەکێك لەو مەولوودنامانە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە چاپ کراوە، مەولوودنامەکەی دیاربەکری (ئیبراهیم رەئفەت)ە، کە بە زمانی تورکی و بە شێوەی هۆنراوە نووسیویەتی. ئەم مەولوودنامەیە لە سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ ماوەی چەندین دەیە خوێنراوەتەوە. شێوازی نووسینی مەولوودنامەکە بۆتە جێی سەرنجی زانایانی هەولێر و لەو بارەوە ڕەشاد موفتی ئەفەندی (1915-1992) کە قازیی هەولێر و زانایەکی ناسراوی شارەکە بووە، مەولوودنامەیەکی بە کوردیی ناوەند/ سۆرانی نووسیوە و کاریگەریی زۆری مەولوودنامەکەی دیاربەکرلی بەسەرەوەیە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە کاریگەرییەکە لە ئاستی ڕووخسار و ناوەڕۆك و شێوازی نووسین نیشان بدات و لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە بەشێکی مەولوودنامە کوردییەکە نەك هەر کاریگەریی بەڵکو کتومت وەرگێڕانی مەولوودنامە تورکییەکەیە.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک تایبەتمەندی هەیە لە مەولودنامەکەی موفتیدا کە تایبەتە بە دەقە کوردیەکەوە.

وشەی کلیلی: مەولوودنامە، ئیبراهیم رەئفەت، ڕەشاد موفتی، مەولوودنامەی سۆرانی

## تأثير منظومة (مولودنامه) التركية لإبراهيم رأفت على منظومة مولودنامة الكردية لرشاد المفتي

ان منظومة (مولد النبي) نوع من الاشكال الادبية بين الأمم الاسلامية، خاصة في القرون الماضية، ولها دور كبير في إحياء ذكرى السيرة النبوية. هذه الدراسة المقارنة يعرض التأثير والتأثر لمنظومة مولد النبي باللغة التركية وقد صدرت فى آواخر القرن 19 فى دياربكر على يد الشاعر ابراهيم رأفت الدياربكرى، على سكان مدينة اربيل فى العراق ، حيث كتب العالم والشاعر والقاضى رشاد المفتي أفندي (1915-1992) فى اربيل، منظومة المولد النبوي باللهجة الصورانية وتأثر بشكل كبير بمنظومة الدياربكرى. حاولت هذه الدراسة بيان الأثر على مستوى الشكل والمضمون وأسلوب الكتابة بين النصين التركي والكردي و حددت المفارقات و التماثل بين النصين.

**الكلمات المفتاحية:** منظومة المولد النبوي، إبراهيم رأفت الدياربكری، رشاد المفتي، المولد النبوی بالصوراني

## پێشەکی:

ئەدەبیات لەبەر هەبوونی ڕەگەزی هەست و سۆز، لای هەموو گەلانی دونیا خاڵی هاوبەشی تێدا دەدۆزرێتەوە. لەو سۆنگەوە ئەدەبیاتی ئیسلامی لە دوای هاتنی ئیسلام بۆ ناو گەلانی ناعەرەب لە زۆر لایەنەوە خاڵی لێکچوونیان دەبینرێ. بەتایبەتی لە چوارچێوەی مەنزوومە مەسنەوییەکانەوە، هەر لە یوسف و زلێخا و لەیل و مەجنوون بگرە تا مەولوودنامەکان ئەم لەیەکچوونانە لە رووی ناوەڕۆك و ڕووخسارەوە هەن.

مێژووی مەولوودنامە بە زمانی کوردی، سەرەتاکەی بۆ مەولوودنامەی مەلا حوسێنی باتەیی بە کوردیی کرمانجی دەگەڕێتەوە و دوای ئەوەی ئەدەبیاتی نووسراو بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بە زاری کرمانجی ناوەند/ سۆرانی لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە پێدەگرێ، یەکەم مەولوودیش کە دانەرەکەی شێخ حوسێنی قازی بووە بە شێوەی پەخشان دەنووسرێ. پاش ئەوەی چەند مەولوودنامەیەکی تر بەو زارە دەنووسرێن، لە شاری هەولێریش لە سییەکانی سەدەی بیستەم لەلایەن ڕەشاد موفتییەوە مەولوودنامەیەك بە شێوەی هۆنراو/ نظم ـەوە دەهۆنرێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە لەسەر مەولوودنامەکەی ڕەشاد موفتی دەسەنگرێتەوە و هەوڵدەدا لایەنە وێکچوونەکانی لەگەڵ مەولوودنامەکەی ئیبراهیم ڕەئفەت دیاربەکری (1835-1903ز) بخاتە ڕوو. ئەمە لە ڕێبازی بەراوردکارانە پشت بە قوتابخانەی فەڕەنسی دەبەستێت، بەوەی بەراوردی دوو تێکستی زمان جیاواز دەکات. گرنگییەکەیشی لەوە دایە تیشك دەخاتە سەر کۆمەڵگەی ئەوسای هەولێر، کە چۆن کەوتۆتە بەر کاریگەریی مەولوودنامەیەکی سەردەمی عوسمانی و ناظمی هەولێریش ئەمەی بە پێویست زانیوە نەك هەر بکەوێتە بەر کاریگەریی مەولوودنامەکە، بەڵکو لە هەندێ شوێندا بەتەواوی تێکستەکە وەربگێڕێ، لەگەڵ ئەوەشدا سیمای کوردینیەکەی خۆی بپارێزێ.

توێژینەوەکە تەنیا چەند لایەنێکی ئەو کاریگەرییە دەخاتەڕوو، بە ئومێدی ئەوەی زۆر وردتر ئەم دوو تێکستە لە چوارچێوەی تێزێك یان کتێبێکدا بەراورد بکرێن و سەرەداوەکانی پەیوەندییەکە وردتر بدۆزرێنەوە.

## تەوەری یکەم/ ناساندن و دەستنیشانکردنی کاریگەری

### 1-چۆنیەتی گواستنەوەی کاریگەرییەکە

بێگومان لەنێو ڕێبازی بەراوردکارانەدا، خاڵی گرنگ بریتییە لە دەستنیشانکردنی هۆیەکانی گواستنەوەی کاریگەریی و چۆنییەتەکەیەتی، لەو ڕوانگەوە کۆمەڵگەی کوردی لە سەردەمی عوسمانیدا وەك ناوەندێکی گرنگی ڕۆشنبیری و ئایینی و سیاسی سەیری ئەستەنبوڵی کردووە و بەشێك لە شاعیر و ڕوناکبیرانی کۆچیان بەرەو ئەو شارە کردووە. ئەمە وای کردووە کە هەندێ لە شاعیرەکانیش بە زمانی تورکیی بنووسن.

هەندێ لە شارەکانی کوردستانیش وەك هەولێر و کەرکووك تایبەتمەندیی خۆیان هەبووە، بەوەی کە بەشێك لەو خەڵکەی لەناوەندی شارەکە بوونە، بەهۆی ئەو پەیوەستییەیان بە دەوڵەتی عوسمانییەوە بە زمانی تورکی یان تورکمانی قسەیان کردووە. لەو ڕوانگەوە مەولوودخوێندنەوەش هەر وەك نەریتە کۆنەکە بە زمانی تورکی بووە، تەنانەت دوای نەمانی عوسمانییەکانیش ئەمە هەر مابوو.

لە هەولێر بۆ یەکەم جار لە سییەکانی سەدەی بیستەم ڕەشاد موفتی وتاری هەینی لە عەرەبییەوە دەکاتە کوردی و بە کوردی دەیخوێنێتەوە، دواتر کە سەرنج دەدا مەلوودخوێندنەوە بە کوردی هەر لە برەودایە، یەکێك لەو مەولوودنامە تورکییانەیشی کە خوێنراوەتەوە، مەولوودنامەی ئیبراهیم ڕەئفەت ئەفەندیی دیاربەکری بووە، بۆیە ڕەشاد موفتی بەپێویست دەبینێ کە بە کوردییش مەولوودنامە بنووسرێ و بخوێنرێتەوە، لەسەر ئەو بنەمایە لە سییەکان مەولوودنامەیەك دەنووسێ و ئەم بیرۆکەیە ناشارێتەوە و دەڵێ:

-تا نەڵێن کوردی نییە مەدحی نەبی

من وەهام نووسی کە کەس قسەی نەبی(موفتی/1)

## 2-ژیانی ئیبراهیم ڕەئفەت دیاربەکری:

ناوی ڕاستەقینەی (ئیبراهیم ڕەئفەت)ە. لە ساڵی ١٨٣٥/١٢٥٠ لە شاری دیاربەکر لە دایک بووە. باوکی ناوی عەبدوڵڵا تەیار ئەفەندییە، یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی دیاربەکر. شاعیر بە تەیار زادە ڕەئفەت ناسرابوو1. ڕەئفەت کە خوێندنی لەو شارەی کە لەدایک بووە دەستی پێکردووە، وانەی لە مامۆستایانی وەك حافززادە عەبدولڕەحمان ئەفەندی و شاعیری مەولید حافز مەحمەد شەعبان کامی وەرگرتووە. ناوبراو لە ساڵی ١٨٥٣/١٢٧٠ دەچێتە ئورفا و بووەتە خوێندکاری فەقیهزادە عەبدولڕەحمان ئەفەندی. پاشان دەچێتە عەنتاب و لای حەسیرجیزادە حافز مەحمەد ئاغا فێری زمانی فارسی بووە. ناوبراو کە لە ساڵی ١٨٥٦/١٢٧٣ چووەتە شاری حەلەب، لە مەدرەسەی عوسمان پاشا لای قەرەحیساری ساچلی ساڵح ئەفەندی فەرمووده و فیقهـ و مەعانی خوێندووە. ڕەئفەت کە لە حەمدی پاشا کوڕی سەید عەلی پاشا والی حەلەب نزیك بوو، لە ساڵی ١٨٥٨/١٢٧٥ بەهۆی

حەمدی پاشاوە هاتە ئەستەنبوڵ. لەوێ لە کۆشکی پاشا لە ئوسکودار وانەی دەگوتەوە، هەروەها لە مەدرەسەی عەتیک وەلیدە سوڵتان لای حوسێن حامید ئەفەندی ئەنقەرە دەرسی خوێندووە و لە ساڵی ١٨٦٣/١٢٨١ خوێندنی تەواو کردووە. ئیبراهیم ڕەئفەت کە لە دوای کۆچی دوایی حەمدی پاشا لە ساڵی ١٨٦٥/١٢٨٣ وەک مامۆستای بابیعالی بوخاری دامەزرا، لە مزگەوتی عەتیک عەلی پاشا لە ئوسکودار وانەی بەرهەمەکانی وەکوو مەسنەوی و گولستان و حافز دیوان دەگوتەوە. شاعیر کە پیاوێکی تەنک و باڵای مامناوەند بوو، ڕیشێکی کورتی سپی و ڕووخسارێکی بچووک و سوور بوو، جگە لە زمانی تورکی فارسی و عەرەبی و کوردیشی دەزانی. لە ١٤ی جەمادولئاخیرەی ١٣٢١ی کۆچی بەرامبەر٧ی ئەیلوولی ١٩٠٣ لە ئەستەنبوڵ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی قەرەجە ئەحمەد بەخاک سپێردراوە2.

ئیبراهیم ڕەئفەت وێڕای ئەوەی شاعیرێکی ناظم بووە، لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر بە مەولوودنامەکەی ناوی دەرکردووە، کە ناوی (منقبەء مولد فخر الانام طرز جدید اسمیله اولدی بنام) بووە. هەروەك لە کۆتایی مەولوودنامەکە هاتووە کە لە ساڵی 1306ی کۆچی لە چاپخانەی خلوصی افندی چاپ کراوە.

## 3-کورتە ژیانی ڕەشاد موفتی:

ڕەشاد محەمەد موفتی (1915-1992/9/12ز) یەکێکە لە زاناکانی شاری هەولێر، وێڕای ئەوەی لە بنەماڵەیەکی زانستیی وەهایە، کە بەدرێژایی چەند سەدە ڕۆڵێکی گەورەیان لە بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاریی لە شاری هەولێر هەبووە. لە هەمان کاتدا ڕووناکبیرێکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە و ئەو لە پێشەنگەکانی قوتابیانی کورد دادەنرێت لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم کە بۆ خوێندن چۆتە دەرەوەی وڵات و لەوێ لە دیارترین ناوەندی زانستیی لە جیهانی ئیسلامیدا کە ئەزهەری شەریفە لە میسر خوێندن تەواو دەکات.

دوای نەمانی دەسەڵاتی عوسمانییەکان، دەرفەتی خوێندن لە دەرەوەی کوردستان زۆر کەم کرایەوە، چونکە پێشتر بەشێك لە زانایانی باشووری کوردستان چ بۆ خوێندن یان کاروباری کارگێریی و فەرمانبەریی پەیوەندییەکی باشیان بە ناوەندیی دەسەڵاتی عوسمانی هەبووە کە ئەستەنبوڵ بووە و ئەستەنبوڵیش دەروازەی پێشکەوتنەکانی ئەوروپا بووە و هەموو ئەوانەی لە باشووری کوردستانەوە ڕوویان لەوێ دەکرد، بۆ گەڕانەوەیان، هەگبەیەکی دەوڵەمەندی زانست و ئەزموونێکی پێشکەوتوویان دەهێنایەوە. دوای دامەزراندنی عێراقیش، تاڕادەیەکی زۆر ئەزهەر جێگەی ئەستەنبوڵی گرتەوە و ڕەشاد موفتییش لە سییەکانی سەدەی بیستەمەوە لە خوێندنی ئەزهەرەوە دەگەڕێتەوە.

له بەرهەمەكانی رەشاد موفتی:مەولودنامە،تەرجومەی قەسیدەی بوردیە،سیرەتی شێخ مەعروف كەرخی،ئیسماعیل نامە، دیوانی شیعر،عەبا نامە،....هتد.3.

بۆ نیشاندانی سەرەداوەكانی ئەزموونی شیعریی ئەم زانا و شاعیرەمان، دەكرێ لە دوو ڕوانگەوە تەماشا بكرێت:

## یەكەم: ئەزموونی مەسنەویی نووسین

مەسنەوی شێوازێكی نووسینی شیعرە و ناوی ئەم قالبە شیعرییە پەیوەستە بە شێوازی داڕشتنی سەرواوە((لەم جۆرە سەروایەدا دوولەت هاوسەروا دەبن...مەرج نییە سەروای ئەم دوو لەتە لەگەڵ لەتەكانی تر یەک بگرێتەوە)) 4، دیارە مەسنەوی لەنێو مێژووی ئەدەبیاتی كوردیدا مێژوویەكی دووری هەیە، هەر لە نووسینی داستانەكانی وەك مەم و زینی خانی، لەیلا و مەجنوون ی حارسی بتلیسی و یوسف و زلێخا......هتد و مەولوودنامەی مەلایی باتەیی و عەقیدەنامەكانی وەك عەقیدەنامەی خانی و شێخ سەمیعی بانەیی....هتد و میعراجنامە و وەفاتنامە و بەیت و كۆمەڵێك شێوەی دیكە، لایەكی گرنگی نێو مێژووی شیعرن، بەتایبەتی لە بابەت هۆنراو (نظم) دا، شاعیرانی كورد گرنگییان پێداوە، ئەمەش لەبەر درێژی و گەورەیی قەبارەی دەقەكە، نەتوانراوە بە سەروای یەكگرتوو بهۆنرێتەوە و هەر دێرێك بە جووتێك سەروا چنراوە. لەوەوە ناوی مەسنەوی لێنراوە.

ڕەشاد موفتی لەنێو شاعیرانی دەڤەری هەولێردا، تاڕادەیەك دەتوانین بڵێین نموونەی كەمە، بەتایبەت لە نووسینی چەند جۆرێكی مەسنەویدا و هەوڵیداوە ئەو كەلێنە پڕبكاتەوە. گرنگترین كارەكانی لەو بوارەدا بریتین لە مەولوودنامەكەی.

## دووەم-**مەولوودنامەی ڕەشاد موفتی**

مەولوودنامە بەشێوەی مەسنەویی لە نێو ئەدەبیاتی كوردیدا سەرەتاكەی بۆ مەولوودنامەكەی مەلا حوسێنی باتەیی بە زاری كرمانجی ژووروو دەگەڕێتەوە. لە دەڤەری هەولێر تەنیا هەوڵی مەلا عەبدوڵلای جەلیزادە هەیە ئەویش بەشێوەی پەخشان بووە. لە هەمان كاتدا هەر لە بنەماڵەی ڕەشاد موفتی، مەولوودنامەی شێخ عەلی حسام الدین هەیە، مێژووەكەی بۆ سەردەمی عوسمانییەكان دەگەڕێتەوە، بەڵام تا ئێستا هەر دەستخەتە و چاپ نەكراوە.

مەولوودنامەكەی ڕەشاد موفتی لە دوو لاوە گرنگی خۆی هەیە، لایەكیان بەشێكی هۆنینەوەیە و تایبەتمەندیی خودی شاعیر و هۆنەر (ناظم)ی بەسەرەوەیە، بەتایبەتی لە پێشەكی و پاشەكیدا. لە لایەكی تریشەوە لەنێو مێژووی وەرگێڕانی دەقی ئەدەبیدا شوێنێكی گرنگ دەگرێ، بەوەی موفتی لە كەشێكی هەولێری ئەوسادا كە مەولوودنامەی (ئیبراهیم ڕەئفەت دیاربەكری) بە زمانی توركی دەخوێنرایەوە و وەك نەریتێكی لێهاتبوو، بە كاریگەریی ئەو تەرزە، وەك شێوە

وەرگێڕانێکی هزری، مەولوودنامەکەی خۆی دەهۆنێتەوە و تاڕادەیەکی باش جێ بە مەولوودنامەی تورکی لەق دەکا. تەنانەت وەك خزمەتێکیش بە زمانی کوردی بەتایبەت کە هەستی کردووە لەو بوارەدا بۆشاییەك هەیە، بە ئاشکرایی ئەوەی دەریڕیوە:

تا نەڵێن کوردی نییە مەدحی نەبی
من وەهام نووسی کە کەس قسەی نەبی(موفتی/1)

ئەم جۆرە گوتارە لەنێو شاعیرانی کورددا لای حاجی قادری کۆییش دەبینرێ، کاتێك لە پەسنی خوای گەورەدا ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە بە کوردییش مەدحی خودا بکرێ و تا کوردیش لەنێو گەلانی تردا ڕۆڵی لەو پەسندانە دیاربێ:

مەعلوومە بۆچی حاجی مەدحت دەکا بە کوردی
تا کەس نەلێ بە کوردی نەکراوە مەدحی باری (دیوانی حاجی. 151)

## تەوەری دووەم/ هاوشێوەبوونی هەردوو مەولوودنامەکە

1-لە ڕووی کێشەوە:

وەك دەزانرێ کێشی مەسنەوییەکان لە کێشەکانی هەزەج و ڕەمەل و موتەقاریب بە دەگمەن نەبێ تێناپەڕێ، لەو بارەدا وێڕای ئەوەی مەسنەوییە فارسییەکانی (مثنوی معنوی)ی جەلالەدین ڕۆمی و چەند تێکستێکی تری فارسی بە کێشی ڕەمەل هۆنراونەتەوە، ئەگەر چی ئەمە بۆ خۆی جێی توێژینەوەیە، کە سروشتی ئەم کێشە چییە وای کردووە ئەو ئاسانییە لە دەرپڕین لەخۆبگرێ و بەشی زۆری ئەو تێکستانەی پێ بهۆنرێتەوە؟ لەگەڵ ئەوەشدا چ مەولوودنامە تورکییەکە و تەنانەت پێش ئەویش یەکەم مەولوودنامەی کورمانجی کە مەولوودنامەی مەلا حوسێنی باتەییە بەو کێشە نووسراون کە بریتییە لە کێشی ڕەمەلی شەشی مەحزووف یان مەقسوور/ (فاعلاتن فاعلاتن فاعلن):

یعنی کیم اول/ شاه فخر ال/ مرسلین
نور یزدان/ رحمة لل/عالمین (رأفت/4)
فاعلاتن/ فاعلاتن/ فاعلان

لە مەولوودنامەی ڕەشاد موفتیشدا:

وا بە ناوی/ خوا دەکەم من/ ئیبتیدا
تا بە ئەمری/ خۆشەویست بێ/ ئیقتیدا(موفتی/1)
فاعلاتن/ فاعلاتن/ فاعلن

### 2-سەرەتای مەولوودنامە:

سەرەتای مەولوودنامەکان بۆتە نەریت کە باس لە سوپاس و ستایشی خودایە و ئاشکراکردنی توانا و قودرەتی پەروەردگارە، بۆیە دەستپێکی هەردوو مەولودەکە دەستپێکێکی جوانە، لەو بارەوە ڕەشاد موفتی پێنج دێری سەرەتای زیادکردووە و

پاساوهێنانەوەیەکە بۆ بەکوردینووسینی مەولوود. بەڵام دوای ئەم پێنج دێرە بەتەواوی کەوتۆتە بەر کاریگەریی ئیبراهیم ڕەئفەت و وەك ئەوە وایە کت و مت وەریگێڕابێ:

-ئەی خودای گەورە و توانا و کردگار
قودرەتت ئەو عالەمەی کرد ئاشکار (موفتی/1)
-ای خداوند عظیم و پادشاه
رحمتکدر جملە مخلوقه پناه (رأفت/2)
-بێ ئەزییەت ماسیوات هینا وجود
بۆیە کاتی زاتی پاکت بوون شهود (موفتی/1)
-بی مشقت ای کریم و کردگار
قدرتك بو ماسوایی قیلدی وار
چون بو عالم یوغیکن بولدی وجود
ذاتنك برلیکنه اولدی شهود(رأفت/2)
-موئمینین دائیم دەکەین تەحمیدی تۆ
زۆر بە دڵخۆشی دەکەین تەوحیدی تۆ (موفتی/1)
-جملە عالم ذاتکە تحمید ایدر
شوقلە تقدیش و هم توحید ایدر(رأفت/3)

دەبینین لەم دێرانەی سەرەوەدا لایەنە وێکچووەکان ئاشکران و هەردووکیشیان لەنێوان 15 بۆ 18 دێریان بۆ دەستپێك تەرخان کردووە.

## 3-لە ڕووی مەتڵەعەوە:

ئەم مەتڵەعە لە زۆر لە مەولوودەکان بۆتە نەریت، وەك پشوویکە و یان ناوپڕێکە لەنێوان بابەت و بەشە جیاوازەکانی مەولوودنامەکان. ڕەشاد موفتی وەك وەرگێڕانێك هاتووە مەتڵەعەکەی ئیبراهیم ڕەئفەتی کردۆتە کوردی:

هەرکەسێ دەیوێ ببینێ ڕێی نەجات
لێبدا بۆ ڕۆحی پێغەمبەر(دخ) سەڵات (موفتی/2)

**ئیبراهیم ڕەئفەت پێش ئەو ئەمەی وتووە:**

استرایسن بولە سین فوز و نجات
روح فخر المرسلینە ویر صلات (رأفت/4)

موفتی هاوشێوەی رأفت بەشەکانی مەولوود نامەکەی دابەش نەکردووە بە هۆی ناونیشانەوە، بەڵکوو جیاکەرەوەی نێوان بەشەکانی مەولودنامەکەی بە هۆی ئەو دێرەی سەرەوەیە کە هاوشێوەی تەرجیعبەند لەنێوان کۆتایی و دەستپێکی هەر بەشێکدا هەیە. بەڵام مەولوودە تورکییەکە ناونیشانی بۆ بەشەکان داناوە و هاوکات ئەو دێرەش دووبارە بۆتەوە.

## 4-ئامانج له نووسین و زیادکردنی پەیڤی کوردی

ئیبراهیم ڕەئفەت له دوای بەشی حەمدوسەنا، به ناوونیشانی (باعث نظم)، واته هۆکاری هۆنینەوەی دەقەکه، ئاماژەی بەوه داوه که شەو و ڕۆژ له خەیاڵی ئەوەدا بوو که چۆن باسی ژیانی پێغەمبەر(دخ) بکات، بۆیه بڕیاری ئەوەی دا که مەولوودنامەیەك دەرهەقی شەفیعی ئینس و جن بنووسێ و بەڵکو ببێته دەوای دڵی برینداری و ببێته خێرێك و له دوای مردنی ڕۆحی پێوه شاد بێت:

-روز و شب مرآت دلده بو خیال جلوه کر اولور دی چون شکل هلال
یعنی کیم اول شاه فخر المرسلین نور یزدان رحمة للعالمین
ایدەیم مولود اول شاهك بیان اول حبیب حق شفیع انس و جان (رأفت/4)

ڕەشاد موفتیش دەڵێ:

-ڕۆژ و شەو زۆرم دەکرد فیکر و خەیاڵ مەولوودی کوردی بنووسم بێ میسال
بەحسی پێغەمبەر(دخ) بکەم بۆ ئوممەتێ تابنێری بۆ هەمووی خوا ڕەحمەتێ
تاکو یادم بکەن بە چاکی دۆستان پاشی مردن بۆ ڕوحم دەن فاتیحان(موفتی/2)

دەبینین هەر وەرگێڕانێکه، تەنیا لەوه بترازێ که وشەی کوردی خستۆته ناو، ئامانجەکەی ڕەشاد موفتیش هۆنینەوەی مەولوودێك بووه به زمانی کوردی، وا دیاره لەو کاتەدا ئەم مەولوودنامه تورکییه لەناو شاری هەولێر ڕەواجی هەبووه و خوێنراوەتەوه، بۆیه رەشاد موفتی ویستوویەتی ئەو نەریته بگۆڕێ.

بەمەبەستی زانینی کەشی ئەوسای هەولێر لەلایەنی مەولوود خوێندنەوەوه و له ڕێگای گفتوگۆ لەگەڵ (ئیحسان موفتی کوری رەشاد موفتی)، ناوبراو گوتی: (باوکم زۆر پێی خۆش بوو تەرجەمەی هەر شتێک بکا بۆ کوردی، هەتا قەسیدەی بوردیه به هەمان فەلسەفەی مەولود بەردەوام بوو، ئەویشی ئەوها داهێنان کردووه، که مەبەستی کوردبوونی بووه و لەو بارەوه پارەیەکی زۆری دایته حافز و مەلای دەنگ خۆش بۆ حفزی و گۆتنەوەی و مەنعی تورکی، من بەخۆم له باوکم بیستووه که مەبەستی؛ گۆرینی مەولودی تورکی بووه)5 ، ئەم گوتانه بۆچوونەکەی ئێمه پشتڕاست دەکاتەوه کەوا ئامانجی رەشاد موفتی هۆنینەوەی مەولودێک بووه به کوردی، بۆیه هەر به کاریگەری دەقه تورکییەکه ئەم کارەی کردووه، کارەکەشی سەری گرتووه.

## 5-پەسنی پێغەمبەر(دخ)

ئەم بەشەی پەسنی پێغەمبەر(دخ) (د.خ)، له ڕووی ڕیزبەندییەوه هەمان شوێنی لای ڕەشاد موفتیش گرتووه، واته دوای هۆکاری هۆنینەوەی مەولوودەکه، هەردووکیان دێنه سەر باسی پەسنی پێغەمبەر(دخ). ڕەئفەت به سەرناوی (مدح سید المرسلین....) و موفتیش ڕاستەوخۆ بێ سەرناو دەست پێدەکات.

-جان قولاغیله ایشته ای اهل دین مدح پاك حضرت طه الامین

تابيله سين كيم نه گوهردر او نور حق بشر خلق ايتدى اما بى قصور (رأفت/4)

ئیبراهیم ڕەئفەت یەکەمین ئاخافتنی لەوبارەوە؛ بانگی خەڵك دەکات کە گوێبگرن تا وەسفی پێغەمبەر(دخ)یان بۆ بکات. بە هەمان دەربڕین ڕەشاد موفتیش دەڵێ:

-گوێ بدەن بۆتان بکەم ئەی ئەهلی دین

وەسفی پاکی حەرزەتی طه الامین(موفتی/2)

دیرەکانی تر جیادەبنەوە و ڕەئفەت باسی خۆی دەکات کە دەستی بە شەرحی مەولوود کردووە و موفتییش لەسەر پەسنی پێغەمبەر(دخ) بەردەوام دەبێت.

## 7-خولق و سیرەتی پێغەمبەر(دخ):

لە دوای پەسنی پێغەمبەر(دخ)، ئیبراهیم ڕەئفەت بەشێکی بۆ باسکردنی خوو و ڕەوشتی پێغەمبەر(دخ) داناوە و موفتییش هەندێ لە وێنەکانی ئەوی هێناوەتەوە. وەك:

-سوزلرى هردرده قانون الشفا كوكلى مجروح امته عين الشفا

ايشلرى هردم انك جود و سخا باطله ويرمزايدى اصلا رضا (رأفت/6)

موفتییش لەبارەی قسە و کرداری پێغەمبەر(دخ) بە هەمان شێوە دەڵێ:

ئەمرەکی دەیکرد نەصیحەت بۆ شیفا

ئوممەتی وین بۆیێ بووین ئەهلی صەفا

ئیش و کاری خێر بوو ئەو صاحیب کەرەم

خۆشەویست بوو لای خودای زۆر موحتەرەم (موفتی/3)

ئیبراهیم ڕەئفەت هەر لە وەسفی زاتی ئەودا دەڵێ: عادەتی پێغەمبەر(دخ) وابوو سەردانی نەخۆشانی دەکرد و لەگەڵ گەوران بەڕێز و لەگەڵ بچوکانیش بەڕەحم بوو:

-خستكانى صورمق ايدى عادتى بيوكه حرمت كوچوكه شفقتى (رأفت/6)

موفتی دەڵێ:

- هەم نەخۆشان پرس بوو دائیم عادەتی هیچ نەبوو بۆماڵی دونیا هەڵمەتی(موفتی/3)

لەبارەی نازداران و بێ باوکانیش هەمان وێنە لە هەردوو مەولوودنامەکەدا هەیە:

ئیبراهیم ڕەئفەت دەلێ پێغەمبەر(دخ) دەستی بەسەر یەتیماندا دەهێنا و لەبەر عیبادەت شەو کەم دەنووست:

صيغار ايدى هر يتيمك باشنى سيلرايدى كوزلرينك ياشنى

از اويوردى كيچەلرده اول همام اشتغالى طاعت ايدى صبح و شام

حق تعاليدن نياز و منتى باكه باغشله الهى امتى (رأفت/7)

موفتییش دەڵێ:

دایدەنا دەستی لەسەر شانی هەتیم دەیسڕی چاوی لە ترسی خوای ڕەحیم

کەم دەنووست شەو تا سبەینێ ئەو همام وەصفی ناتانم بنووسم من تەمام
زۆر دەپاڕاوە لە وەقتی صەفوەتێ تاکو خوا ئەزیەت نەداتن ئوممەتێ (موفتی/3)

## 8-دەستپێکی ئافراندنی پێغەمبەر(دخ)

ئەگەر چی پێش ئەم بابەتە ڕەشاد موفتی باسی چیرۆکی مەولوودی پێغەمبەر(دخ)ی لە شاری هەولێر لە سەردەمی سوڵتان موزەفەر کردووە، بەڵام دواتر هاوشێوەی مەولوودنامە تورکییەکە باسی چۆنیەتی خیلقەتی پێغەمبەر(دخ)ی کردووە.

لە مەولوودنامە تورکییەکەدا هاتووە:

-سویله ای کوینده‌ء اسرار حق
چونكه طوغدی عالمه انوار حق
قيل بيان شيرين زبانكله نكات
اهل حالك كوكلنه ويرسون حيات (رأفت/7-8)

ڕەشاد موفتیش وەك ئەو ڕستەکەی وەرگێڕاوە:

-تۆ بڵێ گۆیندەیی ئەسراری حەق
چونکە هاتە ڕووی زەمین ئەنواری حەق (موفتی/7)

لەبارەی لەوح و فەلەك و عەرش و قەلەمدا، ڕەئفەت پێی وایە ئەو نوورەی پێغەمبەر(دخ) ئەوکاتە هەبووە:

-يوغيكن عرش و فلك لوح و قلم يوغيدی هم انبياء محتشم
نوردن بر قبضه آلدی چون خدا ديدی يا نور صر حبيبی احمدا
بعد زين اول نور مولای جليل حقی تسبيح ايلدی چوق ماه وييل
قدرت و تعظيم و منت مرحمت هم سعادت هم كرامت منزلت (رأفت/8)

موفتی دەڵێ:

- نەبوو عەرش و فەلەك لەوح و قەلەم هەم نەبوو پێغەمبەر(دخ)انی موحتەرەم
هەندەکی وەرگرت لە نوور زاتی خودا تۆ ببە ئەی نوور حەبیبم ئەحمەدا
پاشی ئەو نووری زەریف و بێ میسال زیکر و تەهلیلەی دەکرد چەند مانگ و ساڵ
قودرەت و تەعزیم و منەت مەرحمەت هەم سەعادەت هەم کەرامەت مەنزلەت (موفتی/7)

لەو چەند دێرەی سەرەوەدا دەرکەوت نەك تەنها لە ڕووی واتاوە تەواو وەرگێڕدراوە، بەڵکو بەشێك لە دەرپرینەکانیشی وەك خۆی هێناوەتەوە، لە نموونەی (قودرەت، تەعزیم، مننەت، مەرحەمەت، سەعادەت، کەرامەت، نوور.....هتد)

## 9-چیرۆکی ئافراندنی ئادەم

ئەم چیرۆکەش بۆتە بەشێك لە هۆنینەوەی مەلوود، پاساوی هێنانەوەی چیرۆکەکەش ئەوەیە کە لەگەڵ ئافراندنی حەزرەتی ئادەم، نووری پاکی

پێغەمبەر(دخ)یش کەوتە پشتی ئەو. بۆیە موفتی هەمان شێوەی مەولوودەکەی ئیبراهیم ڕەئفەت ئەم بەشەی داناوە. لە مەولوودە تورکییەکەدا هاتووە:

-یرایله کوك امر چون اولدی تمام ‌ ‌ ‌ ‌ دیدی اول حی و قدیم و لاینام
چون تمام اولدی سریر سلطان کرك ‌ ‌ ملك حاضر در اکابر خان کرك (رأفت/11)

موفتییش دەڵێ:

وەختی خەڵقی عارد و ئاسمان بوون تەمام
ئەمری کرد ئەو خوای گەورەی لاینام
بۆ دەروونی ئادەمی ئەی ڕووحی پاك
تۆ بڕۆ ئێستا مەترسێ نەتبێ باك (موفتی/10-11)

## 10-ساتی لەدایکبوون و ڕەوشی ئامینەخانی وەهەب

لەم بەشەدا لەسەر زمانی ئامینەخانی دایکی پێغەمبەر چەند دیمەنێك باس دەکات کە لە هەردووکیاندا هەمان شتن:

-درەء تاج خواتین عرب ‌ ‌ ‌ ‌ حضرت آمنه اول عالی نسب
دیرکه چوت طوغدی او سلطان جهان ‌ ‌ رحمت حق نور حی مستعان
سجدەء رحمانه واردی در عقب ‌ ‌ ‌ او کر مکانی او دریای ادب
دیر ایدی ای پادشاه بی زوال ‌ ‌ ‌ ای خدای بی شبیه و بی مثال (رأفت/17)

موفتییش دەڵێ:

-خانەدانی خانمانی ناو عەرەب ‌ ‌ ‌ حەزرەتی ئامینە خان کیژی وەهەب
دەیگۆ تەشریفی کە هات شاهی جیهان ‌ ‌ یەعنی ئەو پێغەمبەر(دخ)ی ئاخر زەمان
کەوتە سوجدە طفلی وا صاحب نەسەب ‌ ‌ دەستی کردە گفتوگۆ ئەو عەینی شەب
عەرزی کرد ئەی پادشاهی بێ زەوال ئەی خودایی بێ شەبیهـ و بێ میثال(موفتی/20)

دەبینین وێڕای ناوەڕۆکەکە بەتەواوی، وشە و دەستەواژەکانیش وەك خۆی وەرگێڕدراون و تەنانەت ڕەویی سەروایش هەمان دەنگن.

## 11-دووبارەبوونەوەی وێنەکان

لەم مەولوودنامەدا وێڕای هاوبەشی لە بابەتەکان، لە هەمان کاتدا هەندێ وێنەی کورت هەیە وەك خۆی دانراوەتەوە. بۆ وێنە ڕەئفەت لە مەسەلەی خیلقەتی پێغەمبەر(دخ)دا ئاماژە بە چوار دەریا دەکات کە بە مەرحمەت و قودرەتەوە پەیدابوون:

-حکمتیله صکره درت بحر عظیم ‌ ‌ ‌ قیلدی ایجاد قدرت رب قدیم
مرحمت عرفان و قدرتله نظر ‌ ‌ ‌ هربری بریندن اعلا خوبتر
طالدیروب اول نوری بحر رحمته ‌ ‌ قیل نظر الطاف رب عزته.... (رأفت/9)

موفتییش بە هەمان شێوە دەڵێ:

-ئەمری کرد پەیدابوو چار بەحری عەزیم
بێ مشەقەت ئەو خودای گەورە و قەدیم
وا بە چاوی مەرحەمەت کردی نەزەر
زۆر زەریف بوون بەحرەکان بوون وەك گەوهەر
پاشی ئەو نوور کەوتە بەحری رەحمەتی
هەم لەوێندەر بوو زیاتر شەوکەتی (موفتی/4)
دواتر تەواوی خیلقەتەکە باس دەکات و هەمان دەرپرین و ناوەڕۆکی مەولوودنامەکەی ڕەئفەتی لەخۆگرتووە.

## 12-بەشی میعراج

وشەی میعراج وشەیەکی عەرەبییە، بەواتای بەرزبوونەوە یان بەرزکەرەوە دێت6، لە زۆربەی فەرهەنگە عەرەبییەکاندا بەواتای بەرزکەرەوە وپەیژە بەکارهاتووە، هەروەها بۆ شەوی بەرزبوونەوەی پێغەمبەر(دخ) بۆ ئاسمان بەکارهاتووە.
گەشتی پێغەمبەر(د.خ) یاخود میعراجی پێغەمبەر(دخ)، ئەو چیرۆکەیە کە خودا لە قورئانی پیرۆزدا لە سوورەتی (الاسراء) دا شەورەوییەکە لە مەککەوە بۆ ئەقصای باس کردووە: (سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِ لَيْلًا مِّنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا ۚ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ) (الاسراء–اية1)، هەروەها چیرۆکی بەرزبوونەوە، واتە میعراجیش لە سوورەتی (النجم) دا هاتووە: وَلَقَدْ رَآهُ نَزْلَةً أُخْرى (13) عِنْدَ سِدْرَةِ الْمُنْتَهى (14) عِنْدَها جَنَّةُ الْمَأْوى (15) إِذْ يَغْشَى السِّدْرَةَ ما يَغْشى (16) ما زاغَ الْبَصَرُ وَما طَغى (17) لَقَدْ رَأى مِنْ آياتِ رَبِّهِ الكبرى (النجم 13-18).
چۆنیەتی رووداوەکە و وردەکارییەکانی لە میانی فەرمودەو گێرانەوەکەندا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا تێکەڵی نێو بیرو باوەڕی میللەتان بوە. لە بەر مەزنی روداوەکە لە نێو جیهانی ئیسلامیدا بەشێوەیەکی بەربڵاو جێکەوتەکانی لەسەر چیرۆک و شیعر و پەخشانی ئەدەبیدا بەجێهێشتووە، بۆنموونە وەک (رسالة الغفران)ی مەعەری و (رسالة التوابع والزوابع)ی ابن رشید ئەندەلوسی و...... هتد، هەروەها سنووری رۆشنبیری ئیسلامیشی تێپەڕاندووە بۆ نێو ئەدەبیاتی جیهانی باشترین نموونەش (کۆمیدیای خواوەندی)(دانتی ئەلیگیری)یە. واتە پەلوپۆی چیرۆکەکە وەک خۆی و بەدەستکارییەوە سنووری ئاینیشی تێپەڕاندوە.
کورتەی چیرۆکی میعراج جگە لەوەی گەشتی پێغەمبەر(دخ) لە مزگەوتی حەرام بۆ مزگەوتی ئەقسا بە سواری بوراقە، چیرۆکی بەرزبوونەوەی پێغەمبەر(دخ)یشە لە گەڵ جبریل بۆ حەوت تەبەقەی ئاسمانە. پێغەمبەر(دخ) لە ئاسمانی یەکەم حەزرەتی ئادەم و لە دووەم حەزرەتی یەحیا و حەزرەتی عیساو لە سێیەم حەزرەتی یوسف و لە چوارەم حەزرەتی ئیدریس و لە پێنجەم حەزرەتی هاروون و لە شەشەم

حەزرەتی موسا و لە حەوتەم حەزرەتی ئیبراهیمی بینیوە. کۆتایی گەشتەکەش لە سیدرەتولمونتەهایە و وەستانی پێغەمبەر(دخ)ە لە بەردەم خودای گەورە. 7

بێگومان بەشی میعراج بەشێکە لە ژیانی پێغەمبەر (د،خ) و هەندێ لە مەولوودنامەکان خستوویانەتە نێو دەقەکانیان، موفتییش لە زۆر ڕووەوە وەك ئیبراهیم ڕەئفەت وێنەکانی میعراجی نەخشاندووە و تەنانەت هەندێ جار بە هەمان سەروای مەلوودنامە تورکییەکە دێرەکەی خۆی کۆتایی پێ هێناوە:

-کیم انکچون وار ایدی بر وقت خاص نە ملك صیغار اکانە ذات خاص

ناگهان گلدی اکا پیك جلیل ایر کورر حقك سلا من اول جمیل

دیدی مژدە ای نبی محترم عرشن دعوت ایدر رب الامم (رأفت/ 20)

موفتییش دەڵێ:

هەیبوو ئەو نازداری عالەم وەقتی خاص بەحتی میعراج ظاهیرە لای عام و خاص

هات بە شەو بۆ لای ئەحمەد جوبرەئیل خوا سەلامت لێ دەکاتن ئەی خەلیل

موژدە بۆ تۆ ئەی نەبیی موحتەرەم بۆ سما دەعوەت دەکا رەببولئومەم (موفتی/ 16)

کە سەرنج لەو دێرانەی سەرەوە دەدەین، وێڕای ئەوەی دێر بە دێر وەریگێڕاوە، لە هەمان کاتدا لە چەند شوێنێك سەرواکەی وەك خۆی داناوەتەوە، وەك سەرواکانی (خاص و خاص، موحتەرەم و رب الامم)، واتە هەر سێ دێرەکە هەمان ڕەوین و لە دوانیان وشەی سەرواکانیش هەمان شتن.

لەبارەی دیمەنەکانی میعراجیش هەمان وێنەن:

شوقیلە سیر سموات ایلدی حق اگادر لو عنایات ایلدی

جنت ایلە نار اکا اولدی عیان آشکار اولدی همان سر نهان (رأفت/ 22)

موفتییش دەڵێ:

زۆر عەجیب سەیری سەماواتی دەکرد خوا بەوی لوتف و عینایاتی دەکرد

دۆزەخی دی هەم بەهەشتی ئاشکار ئەحمەدی مەحبووبی خوای پەروەردگار (موفتی/16)

دەبینین وێڕای کتومتی واتاکان، وشەکانی (سەماوات، عینایات)یش لە دێری یەکەمدا وەك خۆی هاتوونەتەوە.

دیدی جبرائل اکا ای مقتدا سیر مە سدە او او بدر منتها

سدرە در بکا مقام ای ذو کرم کر کچرسم یا نرم بن لاجرم (رأفت/22-23)

موفتی هەمان وێنە و دەربڕینەکان دێنێتەوە، تەنانەت لە هەردوو دێرەکە وشەی سەروا هەمان شتن:

عەرضی کرد دەیگۆ جەنابی موقتەدا سیدرەیە بۆ من لە ئاسمان مونتەها

سیدرەیە جێگەم ئەمن ئەی ذو کەرەم تێپەڕم لێرە دەسووتێم لاجرم (موفتی/17)

-قسەکردن لەگەڵ جوبرائیل:

حضرت جبرلله سویلرکن کلام          کلدی رفرف ویردی تعظیمله سلام
الدی کتدی مصطفی یی حضرته          کلدیلر تا بارگاه قدرته
بعد عرش او سننه ایتدی عروج          قالدی انده رفرف ذات السروج
صدق اياغك با صدمانده بی ریا          ظاهر اولدی انده سر استوا (رأفت/23)

موفتی وێڕای وەکیەکی ناوەڕۆك، بەشی زۆری وشەی سەرواکان وەك خۆی دادەنێتەوە:

ئەو دەمی دەیکرد لەگەڵ جوبریل کەلام          دیتی ڕەفرەف هاتە خدمەت دای سەلام
فەرموو تەشریفت بچی لای حەزرەتی          با پڕۆین تا بارەگای قودرەتی
چوو لە بۆ عەرشی لە سیدرەی کرد عرووج          ما لەوێندەر ڕەفرەفی ذات السروج
پێی راستەی خۆی کە هاویت با صەفا هەینێ          زانی سیر و مەعنای ئیستیوا(موفتی/ 17)

لەم بەشەدا چەند وێنەیەکی تریش دووبارە دەبنەوە، بەڵام وشە و دەربڕینە هاوبەشەکانیان کەمترە و لەگەڵ ئەوەشدا موفتی لە کورتی پڕاندوویەتیەوە و ئیبراهیم ڕەئفەت زیاتر درێژەی پێداوە. هەروەها جێگای ئاماژە بۆ کردنە، هیچ کام لە مەولودەکان باسی بینینی پێغەمبەر(دخ)ەکان و ناوهێنانیان ناکەن، بەڵکوو زیاتر جەخت لەسەر دەستپێکی میعراجەکە کە لە مەککەوە دەست پێدەکات و کۆتاییەکەی کە سیدرەتولمونتەهایە دەکەنەوە. بایەخی زۆر بە راسپاردەکان دەدەن وەک دەستنیشانکردنی شێوازی نوێژکردن و وەستان لە حزووری ئیلاهی.

## 13-دوعای کۆتایی

دوعای کۆتایی مەولوودەکە، هی رەئفەت ئەفەندی لە کۆتایی مەولوودنامەکەیە و هی موفتی لە کۆتایی بەشی میعراجەکەیە بەڵام بە پێنج دێر، کەچی لە تورکییەکەدا دوازدە دێرە:

یار غار فخر عالم حرمتی          حضرت فاروق اعظم حرمتی
حلم عثمان بن عفان حرمتی          ذوالفقار سیر یزدان حرمتی
حضرت سبطین و زهرا حرمتی   عشق آدم حسن حوا حرمتی
عفو ایدوب قیلمه بری ضا و ذلیل          ای کریم و ای رحیم و ای جلیل
ختم قیل ایمان ایله وقت اجل          استجب یارب دعانا بالعجل (رأفت، 26-27)

موفتییش دەڵێ:

ئەی خودا بۆ خاطری ئەو یاری غار          حەزرەتی صدیقی ئەکبەر شاە سوار
هەم لە بۆ خاطری عومەر رەببی جەلیل          ئوممەتی ئەحمەد نەکەی خوار و زەلیل
هەم لە بۆ خاطری خەلیفەی سێیەمین          قەبرمان ڕووتاك بکەی ئەی ذوالمتین

خوایە بۆ خاطری عەلی با ویقار عەففومان کەی ڕۆژی حەشرێ ئەی سەتتار
هەم لە بۆ خاطری حەفیدانی نەبی ڕۆژی حەشرێ هیچمان خەوفمان نەبی
(موفتی/18)

واتا وەک نەریتێکی هەر مەولودنامەیەک؛ هەردوو نووسەر پەنایان گرتووە بە پێغەمبەر(دخ) و جێنیشینەکان و ئالوبەیتی پێغەمبەر(دخ)، تاکوو خودا لە بەر خاتری ئەوان لێیان خۆشبێت. بەمشێوەیەش پیرۆزیی پێغەمبەر(دخ) دەگوازرێتەوە بۆ هەموو دەوربەرەکەی و کەسە نزیکەکانی و گوێی خەڵکیش بەم بابەتە رادەهێنرێ.

## تەوەری سێیەم/ هاو سەرچاوەی ئیلهام و بەهای مەولودی موفتی

ستایشکردنی پێغەمبەر(دخ) شێوازێکی شیعری کۆنە و لەسەردەمی پێغەمبەر(دخ)وە هەبووە، کۆنترینیان ستایشەکەی (ئەعشا) و ستایشەکەی(کعب بن زهیر)ە کە بە بوردە ناسراوە، چونکە دەلێن پیغەمبەر چامەکەی(کەعب)ی بەدڵ دەبێت و عەباکەی خۆی دەخاتە سەر شانی، بەم شێوەیەش ناوەکەی بە چامەی بوردە یان (بانت سعاد) بڵاودەبێتەوە، بەڵام دواتر ئەم شێوازە بوو بە (هونەرێک لە هونەرەکانی شیعر، کە زیاتر لەگەڵ رەوتی سۆفیگەریدا بڵاوبوەوە، جۆرێک بوو لە دەربڕینی سۆز و هەستی ئاینی و ئەدەبێکی پلە بەرزبووە، بەڕادەیەك تەنها ئەو دڵانەی کە تژین لە راستگۆیی ودڵسۆزی تواناى دەرپرینیان هەبووە). 8

چامەکانی ستایشی پێغەمبەر(دخ) و ژیاننامەکەی لە دوای کۆچی دوای پێغەمبەر(دخ) زیاتر پەرەی سەند، ئەگەر چی پاش مردنی کەسێک لاوانەوەی بۆ دەکرێ، بەڵام بۆ پێغەمبەر(دخ) چیرۆکی ڕەچەڵەک و لەدایکبوون و سروش بۆهاتن و خوڕەوشتەکانی و پەرجووەکانی بووەتە کەرەسەی شیعر و شیعری مەولودی نەبەوی هێناوەتە کایەوە . ئەم جۆرە شیعرە شێوازی بایۆگرافی هەیە، هەر کەسێکیش گوتبێتی بۆ سەر چەند بەشێک دابەشی کردووە. یەکێک لە کۆنترین و باشترین دەقەکانی مەولیدی پێغەمبەر(دخ) لە زمانی عەربیدا، بوردەی (بوصیری)یە، کە لە سەدەی حەوتی کۆچی –یانزەی زاینی نووسیویەتی، شەبەنگی ئەم بوردەیە لە سەر رێڕەوی هەموو ستایشەکانی پێغەمبەر(دخ) کە لە دوای ئەوەوە دێن بەجێماوە.

ئەم بوردەیەی بوصیری یەکێتیی سەرواى تێدا پێڕەو کراوە، بۆیە بە میمیە ناسراوە و لە سەر کێشی بەسیت نوسراوە و لە دە بەش پێکهاتووە، کە ئەمانەی خوارەوەن9:

1-بەشی شعری غەزەلی محمدی
2-هۆشداری لە حەزەکانی نەفس.
3-ستایش پێغەمبەر(دخ)
4-لەدایکبوونی پێغەمبەر(دخ)
5-پەرجووەکانی

6-پەرجووی قورئان
7-میعراجی پێغەمبەر(دخ)
8-هێرشەکان وشەڕەکانی
9-پەناپێگرتن وپاڕانەوە
10-موناجات

شێوازی نووسینی ئەم چامەیە کاریگەرییەکی فراوانی خستە سەر شیعری مەولود، بۆیە دەبینین لە پەیکەری چامەکەدا مەولوودە تورکی و دواتر کوردییەکەش وێکچوونیان لەگەڵ کرۆکی مەولودە عەرەبییەکاندا هەیە.

ئەوبەشانەی کە وەکوو یەکن بریتین لە (ستایشی پێغەمبەر(دخ)، لەدایکبوونی، رەوشی ئامینە کچی وەهەب، پەرجووەکانی، میعراجی پێغەمبەر(دخ)، دوعاکردن)، جیاوازییەکانیش ئەوەیە کە لە مەولودە عەرەبییەکەدا سەرەتاکەی بە غەزەلی موحەممەدی دەست پێدەکات، لە تورکی و کوردییەکە بە موناجات لە گەڵ خودا، لە مەولوودە تورکی و کوردییەکە باسی شەڕ وهێرشەکان نەکراوە، لە عەرەبییەکەدا ئەم بەشە هەیە، لە مەولوودە تورکییەکە بایەخ بە چیرۆکی دروستبوونی ئادام دراوە لە عەرەبییەکە کەمتر بایەخی پێدراوە. کە سەرنجی ئەم لێکچوون وجیاوازیانە دەدەین، بۆمان دەردەکەوێ، کە دەقئاوێزانیی فراوان لەنێوان مەولودنامە زمان جیاوازەکان هەیە، تەنانەت ئەگەر بەتەواوەتیش وەکیەک نەبن کەرسەکانیان زۆر بەیەکدەچن10. بۆنموونە:

لای بوصیری لە ستایشی پێغەمبەر(دخ) دا گوتویەتی:

- وكلهم منرسول الله ملتمس غرفا      من البحر او رشفا من الديم
وواقفون لديه عند حدهم   من نقطة العلم او من شكلة الحكم
فهو الذي تم معناه وصورته       ثم اصطفاه حبيبا بارىء النسم
منزه عن شريك في محاسنه     فجوهر الحسن فيه غير منقسم...هتد11

لەلای (رأفت):

حكمتيله صكره درت بحر عظيم          قيلدى ايجاد قدرت رب قديم
مرحمت عرفان و قدرتله نظر          هربرى بريندن اعلا خوبتر
طالديروب اول نورى بحر رحمته          قيل نظر الطاف رب عزته.... (رأفت/9)

لەلای موفتیش:

پاشی ئەو نور کەوتە بەحری رحمەتی
هەم لەوێندەر بوو زیاتر شەوکەتی
امری کرد دەرچو لەبەحری بو بە دور
پارچەک لەو نورەی وەرگرت خوای صبور
پاشی لە ونورە ئەو خودای موقتدر
گەوهەرێکی خەلق کرد زۆر بێ نظیر(موفتي-7)

پەیدابوونی جوانی پێغەمبەر(دخ) و مامەڵەکردن لەگەڵی وەکوو گەوهەرێکی دەریا لە زۆربەی مەولودەکاندا هەیە، لە کۆمەڵێک وێستەگەی دیکەشدا ئەم هاودەرپرینانە هەن، بەڵام هونەری شیعری مەولود هەر کە گوازراوەتەوە بۆ نێو زمانێکی دیکە؛ وردە وردە گۆڕانی بەسەردا هاتووە بە پێی چۆنیەتی وەرگرتنی ئاین لەلایەن ئەو میللەتەوە بەشی لێ کەم کراوەتەوە و شتی بۆ زیاد کراوە. هەر ئەوەش وای کردووە هەر مەولودێک سەرەڕای لێکچوونەکان تایبەتمەندیی خۆیشی هەبێ، ئەو تایبەتمەندییانەش بەهای دەق بۆ ئەدەبیاتی زمانەکە زیاد دەکات. یەکێک لەو تایبەتمەندییانە لای موفتی هەیە، سەرەڕای کوردی نووسینەکەی، کە بۆ ئەو سەردەمە یەکجار کارێکی جیاواز و بەهاداربوو، باسکردنی داب ونەریتی مەولودگێڕانە لە هەولێر، کە وەکوو دیاردەیەکی کولتوری- ئەنترۆپۆلۆژی لە ڕێگای ئەو مەولودنامەیەوە تۆمار کراوە:

هەر کەسێ بێ خدمەتی مەولود بکا وەختی مەرگی بێ شکە ئیمان دەبا(موفتی/3)

لێرەدا ئەم دەقەی موفتی لە هاندانی پێرەوکردنی ئەم کولتورەدا رۆڵ دەبینیت و دواتر

لە وەسفی مەولودی سەردەمی سولطان موظفردا دەڵێ:

لە بۆ مەولود کە دەیکرد صەرفی ماڵێ لەکن ماڵی نەبوو فیکر وخەیاڵی
هەموو ساڵێ بە دائیم یانزە مانگان گەلێ ئەشیای دەنارد بێتن لە شاران
لە گاو کاوڕ و گامێش و طیران لەبۆ مەولود دەکوژرا چەند هەزاران
بە ئەمری وی بە خاطر یان بە پارە دوسەد عالم دەهاتن لای بوخارا
مەقام بێژ مجود هەم کتێب خوێن دەهاتن دادەنیشتن چین لە دوچین
لە شار ودێ گەلێ دەروێش و فەقیر دەهاتن سەر ضیافەت گەنج وپیر
پریای پێ دەکرد انواعی لالە لە بۆ شیطان نەبو لەو جێ مجالە
لە تەکیە وقەڵاو خوار قەڵاتێ شەوێ نوستن نەبوو تا رۆژ هەڵاتێ(موفتی /4)

واتە هەبوونی ئەم جیاوازی وجیاکەرەوە کولتورییانەی نێو مەولودی کوردی، بەهای دەق لەلای وەرگر بەرزتر دەکات و بۆیە کە مەولودی موفتی هات جێی مەولودی تورکی لە شاری هەولێر گرتەوە.

## ئەنجام:

-1-مەلوودنامەی ڕەشاد موفتی لە سییەکانی سەدەی بیستەم لە هەولێر نووسراوە و وەك جێگرەوەیەك بۆ خوێندنەوەی مەولوود بە زمانی تورکی.

-2 ڕەشاد موفتی نەك هەر بەتەواوی کاریگەریی مەلوودنامەی ئیبراهیم ڕەئفەتی بەسەرەوەیە، بەڵکو لە زۆر شوێندا دێرە شیعرەکانی کت و مت وەرگێڕاوە.

3 -كاريگەریی مەولوودنامەی ڕەشاد موفتی، لە پێشەکی و مەتڵەعی دووبارەبوو و چەند ئیماژ و بابەتی بەشەکان بە ڕوونی دیارە.

4-ئەوەی مەولوودنامەی ڕەشاد موفتی لە مەولوودنامە تورکییەکە جیادەکاتەوە، باسکردنی زمانی کوردی و باسی شاری هەولێر و سوڵتان موزەفەرە، کە داهێنانی خۆیەتی و پەیوەندی بە مەولوودنامە تورکییەکەوە نییە.

5-هەردوو مەولوودنامەکە لە ڕووی کێشەوە کێشی ڕەمەلی شەشیان بەکارهێناوە و لە ڕووی قەبارەشەوە زۆر لەیەکتر نزیکن.

## سەرچاوەکان:


1 -İbnü'l-Emin Mahmud Kemâl İnal, 2002: 184

2 MAHMUT GİDER / HEMİN OMAR AHMAD – İBRAHİM REF'ET'İN TARİH MANZUMESİ ÜZERİNE İNCELEME، HİKMET - Akademik Edebiyat Dergisi [ Journal of Academic Literature ]، Yıl 9, SAYI 18, BAHAR 2023. S 37.

3-مەلا طاهیر مەلا عبداللە بەحرکەیی، مێژووی زانایانی کورد، بەرگی یەکەم، ل370.
4 عەزیز گەردی، سەروا، دەزگای ئاراس، هەولێر،1999، ل104.
5نامەی ئەلیکترۆنی لەنێوان ئیحسان رەشاد موفتی و هێمن عومەر خۆشناو، لە 2024/3/17
6. ابن فارس ،مقياس اللغة ،دار الفكر،1979 ،304-
[7] محمد رضا ميرزانيا و جواد رنجبر، المعراج النبوي واثره في رسالة الغفران و رسالة التوابع والزوابع(دراسة موازنة)، مجلة اللغة العربية وادابها، السنة 12، العدد3، خريف 1438ه، ص571.
[8] زكي مبارك، المدائح النبوية في الادب العربي، المكتبة العصرية، بيروت، ط1،1995، ص15.
9بوشلاق حكيمة، بردة البوصيري (دراسة اسلوبية)، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة المسيلة،2009،ص22.
10[1]. جێگای سەرنجە لە کۆتای چاپی مەولودنامەکەی (رأفت) ، لە لاپەڕی (نەعت)دا شەش دێڕ بە عەرەبی نوسراوە :


-له النسب العالى فليس كمثله حسيب نسيب محسن متكرم
جليل بتاج الكلمات مخصر جميل بالاء البهاء معمم
فما الكون الاحله ومحمد طراز بانوار النبوه معلم
هو الاول المخصوص بالفضل والهدى هو الاخر المبعوث بالنشر والنصر
هو المرسل الهادى الى كل امة هو الصادق المأمول بالحشر والنشر

هو المجتبى والمرتضى من الوجود هو المصفى الصافى مصفى من الدرر(رأفت-28)

ئەم دێرە عەرەبیانە هاوشێوەن لە گەڵ چەند دێڕێکی (مولد العروس) ابن الجوزی:

له النسب العالي فليس كمثله حسيب نسيب محسن متكرم

أقدمه في كل مدح إذا كان مدحاً فالنسيب المقدم

جليل بتاج للجمال مخصص جميل بآلاء البهاء معمم

فما الكون إلا حلة ومحمد طراز بأعلام الهداية معلم

فصلوا على الرسل الكرام جميعهم وزيدوا على طه الصلاة وسلموا[1]

ئەم دێرانە بوونە هاندەر بۆ توێژینەوە لە بارەی دەقی (مولد العروس)، لەئەنجامدا تێبینی ئەوەمان کرد کە سەرچاوەی بەپیتی ئیلهامی مەولودەکەی (رأفت)؛ جگە لە بوردەکەی بوصیری، مەولودەکەی(ابن جەوزی)یە، بەتایبەتی لە کەرەسەکانی وێن دروستکردندا ئاوێزانێکی زۆر هەیە. پروانە هەردوو بەرهەم.

11شرف الدين ابي عبدالله البوصيري، بردة المديح، دار القران للطباعة، القاهرة،؟،ص7-8ٍ

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوەی کوردی:


1-سەردار حەمید و کەریم موستەفا شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، انتشارات کوردستان ، سنه،1390.

2-عەزیز گەردی، سەروا، دەزگای ئاراس، هەولێر، 1999.

3-مەولودنامەی کوردی، ڕەشاد موفتی، هەولێر، 1970.

4- مەلاطاهیر مەلا عبدالله بەحرکەیی، مێژووی زانایانی کورد، ب1،چ1،چاپخانەی ئاراس،2010

سەرچاوەی بەزمانی تورکی:

5-مناقب مولد فخر الانام طرز جدید اسمیله اولد بنام، دیاربکرلی طیارزاده ابراهیم رأفت، طبعه 2، استانبول، 1325/ 1909. (پارێزراو لە کتێبخانەی زانکۆی ئەتاتورك، ئەرزەڕۆم، بە ژمارە 0117229)

6 MAHMUT GİDER / HEMİN OMAR AHMAD – İBRAHİM REF’ET’İN TARİH MANZUMESİ ÜZERİNE İNCELEME، HİKMET - Akademik Edebiyat Dergisi [ Journal of Academic Literature ]، Yıl 9, SAYI 18, BAHAR 2023. S 37.

7 İbnü’l-Emin Mahmud Kemâl İnal. (2002), Son Asır Türk Şairleri (Kemâlü’şŞu’arâ), C 4, (haz. İbrahim Başbuğ), Atatürk Kültür Merkezi Yayınları, Ankara.

## سەرچاوە بەزمانی عەرەبی:

**8-القران الكريم**

9-بوشلاق حكيمة، بردة البوصيري (دراسة اسلوبية)، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة المسيلة،2009.

10-زكي مبارك، المدائح النبوية في الادب العربي، المكتبةالعصرية، بيروت، الطبعة الاولى، 1995.

11-ابن فارس، مقياس اللغة، دار الفكر،1979.

12- محمد رضا ميرزانيا و جواد رنجبر، المعراج النبوي واثره في رسالة الغفران و رسالة التوابع والزوابع (دراسة موازنة)، مجلة اللغة العربية وادابها، السنة 12، العدد3،خريف.1438ه

**نامەی ئەلیکترۆنی:**

**13-**نامەی ئەلیکترۆنی، لەنێوان ئحسان رەشاد موفتی و هێمن عومەر خۆشناو، لە 2024/3/17-

# The influence of (Mawloudnameh) by Ibrahim Raafat Al-Diyarbakri on the book “Mawloudnameh” by Rashad Al-Mufti

**arkhawan mohammed obed** **Hemin omer ahmed**

The Mawlid al-Nabi system is a type of literary form among Islamic nations, especially in the past centuries, and it has a major role in commemorating the Prophet’s biography. This study is about comparative literature, which presents the influence and influence of the Mawlid al-Nabi system in the Turkish language. It was published in the late 19th century in Diyarbakir by the poet Ibrahim Raafat of Diyarbakri, and this poetic system influenced the residents of the city of Erbil in Iraq. It had a great influence, as the scholar, poet, and judge Rashad Al-Mufti Effendi wrote (1915-1992) in Erbil, who wrote the Mawlid al-Nabawi system in the Sorani dialect and was greatly influenced by the Diyarbakri system. This study attempted to demonstrate the impact at the level of form, content, and writing style.

**Keywords:** Mawlid al-Nabi, Ibrahim Raafat al-Diyarbakri, Rashad al-Mufti, Mawlid in Sourani